سوپاسێوه کەردێ کەهەن هۆرامان    مۆزەخانەکۆ کلتورو گۆران

# هۆرامان

ساڵەو دوێ ژمارە 6 و 7



سەرنوسەر ئاسۆ بیارەیی
asso.byari@spray.se
assobyari@yahoo.com
www.hawramannet.tk

گۆڤاریوه کولتورین سەرو تۆڕەو ئینتەرنێتیۆ بەرمشۆ

| بابەتێ | نوسەر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| کەیسی زمانی یەکگرتوو | ئاسۆ بیارەیی | 3 |
| چاوخشاندنێک بە کتێبی مێژووی هەورامان | جوتیار تەوفیق هەورامی | 7-4 |
| کۆمەڵێ هۆنراوێ | هاوار نەقشبەند | 8 |
| وەروچێشی | عوسمان بەکر | 12-9 |
| ئێمە کێنمێ | ئەهوەن هۆرامی | 16-13 |
| سمیار | گۆران هۆرامی | 16 |
| گۆران هاوارەن | هادی بەهمەنی/بەرلین | 16 |



# کەیسی زمانی یەکگرتوو
## بەشی 1

**ئاسۆ بیارەیی**
**سوێد** 2006-11-25

با بڵێین گریمانەی ئەوە سەرکەوت کە یەکێک لە زاراوەکان بوو بە زمانی ستاندارت. بەڵام کێشەکانی دۆزینەوەی زمانی ستاندارت تەنها بە ستاندارکردنی زاراوەیەکی تاقانە، کە زاراوەیەکی سەپاو بێت، کۆتایی پێ نایێت، بە تایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی کۆلەکتیڤی کوردی، کە دەسەڵات وپێوەری بنەماڵە یان کاریگەری تەسکی ڕێکخراوەیی و پارتایەتی لەسەرە و ئەندامەکانی کوێرانە پابەندی بڕیارەکانن. گەڕانەوە بۆ چارەسەری ڕوکەشی یان بەکارهێنانی ڕێگەی چارەی داخراو، پەسەندکردنی زاراوەیەک وەکو زمانی ستاندارد بە دەرکردنی بڕیارێکی سیاسی، کێشەگەلێکی قوڵی لێ دەبێتەوە، کە خودی ئەو دەسەڵاتەش کە ئەو بڕیارە دەردەکات، دووچاری لە یەک ترازان و پەرەوازەیی دەبێت. نموونە پێکهاتە و ستروکتوری بەرینەی پارتیەکانی نێو پەرلەمانی کوردستان، لەو کۆمەڵگە کۆلەکتیڤەوە سەرچاوەیان گرتووە کە هێشتا ئاستەکانی لە زۆر لایەنەوە دواکەتوون.

وەکو نموونە، کردمان بە بڕیارێکی سیاسی پەرلەمان زاراوەی سۆرانی بوو بە زمانی ستاندارد، ئەی ئایا نابێت ڕاڤەیەکی زانستی لە هەموو بوارەکاندا بکرێت لە مەڕ هەڵوێستی بادینییەکانەوە کە ڕەنگدانەوەی سەپاندنی سۆرانی بەسەرایندا کام شوێنەواری دەروونی و کۆمەلایەتی بەجێ دەهێڵێت؟ کە بەشێکی گرنگی بزوتنەوەی کوردی باشوور پێک دەهێنن؟ ئایا پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەیە دەسەت بەرداری بادیینیەکان و هەورامیەکان بێت کە سەرچاوەی هێزی ئەو پارتیەن یا هەورامیەکانی ناو یەکگرتوو؟ چونکە زمان و کەسایەتی ڕووی دراوێکن. کە واتە ئاخافتن لە سەر زمانی ستاندارت، لە سەر بناغەی سۆز و حەزی چەند نووسەرێک، هێزێک و ڕوناکبیرێک، زیان بە یەکبوونی نەتەوەیی دەگەێنیت. چونکە دەربڕینی چارەسەری زمانی ستاندارد بە بڕیارێکی سیاسی، توێژێکی بەرینی نەتەوەی کورد دەکات دژی ئەو دەسەڵاتە و سەرەتایەک بۆ گۆشەگیربوونی ئەو کەس و خەڵکانەی کە زاراوەی سەردەستیان لا پەسەند نییە، دەخوڵقێنیت. چونکە دروستبوونی زمانی ستاندارت پرۆسەیەکی ئابوری، کۆمەڵایەتی و سیاسیە، نە بچڕاوە لە ئاستی هوشیار کۆمەڵگەو تاکەکانی. لێرەدا با ئەنجامی سەپاندنی زمانی عەرەبی، فارسی و تورکیمان لە بیر نەچێت.

وەرگرتنی بڕیارێکی سیاسی بۆ ستاندارکردنی یەکێک لە زاراوەکان بە زمانی ستاندارد، نەک تەنها زمانی کوردی لاواز دەکات بەڵکو کۆمەلگەی کورد دەخاتە ڕۆخ هەڵدێری پەرت بوونەوە. چونکە ئەوە پرۆسەیەکە دەبێت بە شێوەیەکی زانستیانە کاری بۆ بکرێت، نەک لە سەر بنەمای سۆزی کوردستانێکی گەورە، کە ئەبستراک و نادیارە. کەواتە دۆزینەوەی ڕێگەی زانستی کە برەو بە پرۆسەی زمانی ستاندارد بدات، زمانێکی ستاندار لە کۆی مندڵدانی زاراوەکانی کوردی، چارەنووسێکی پرشنگدارتری دەبێت، دوور لە سەپاندی زاراوەی هۆزێک یان دەسەڵاتی ناوچەیەیکی تایبەتی لە کوردستاندا کە واتە بۆ ئەوەی هێزە بزوێنەرەکانی زاراوەکانی تری کورد، لە هەستکردن بەرامبەر سەپاندنی زاراوەیەکی تر هەڵویستی دژایەتی وەرنەگرن، جێگەی خۆیەتی ڕێبازێکی زانستی بگیرێتە بەر تاکو پردێکی نیزیکبوونەوە لە نێوان زاراوەکان دروست ببێت.

# چاوخشاندنێك بە كتێبی «مێژووی هەورامان»دا

جوتیار توفیق هەورامی/سوێد

كتێبی «مێژووی هەورامان» كتێبێكی (1252) لاپەڕەییە و لە لایەن مامۆستا «محمد ئەمین هەورامانی»یەوە نوسراوە. ئەم كتێبە لە دو (بەرگ) یان دو بەش پێكهاتوە؛ بەرگی یەكەم دەربارەی هەورامانی لهۆنە و (548) لاپەڕەیە، بەرگی دووەمیش دەربارەی هەورامانی تەخت و بەشەكانی دیكەی هەورامانە و لە لاپەڕە (549 هەتاكو لاپەڕە 1252)ی كتێبەكەی گرتوەتەوە.

لە سەر بەرگی یەكەم نوسراوە: (1992.11.25، 1994.7.30)، لە سەر بەرگی دووەمیش نوسراوە: (لە 1991.11.21 دەستی پێكراوە و لە 994.8.20 دا تەواو بووە). بەو پێیە ئەم كتێبە لە نێوان ساڵانی 1991ـ 1994 دا نوسراوە.

"A Short History of Avraoman"

واتە : «كورتەیەك لە مێژووی هەورامان». لە كاتێكدا كە لە سەر بەرگی یەكەمی كتێبەكە ناوی «مێژووی هەورامان»ە و وشەی «كورتەیەك»ی لەگەڵ نییە. دەبوا ناوی كتێبەكە بەئینگلیزیی كتومت وەكو ناوە كوردییەكەی بوایە و هیچ وشەیەكی زیاد و كەمی لەگەڵ نەبوایە.

لەم كتێبەدا هەندێك باس و بابەتی ئەوتۆ نوسراون نە لە نزیك و نە لە دور پەیوەندییان بە «مێژووی هەروامان»ەوە نییە! دەكرێت لێرەدا هەندێك لەوانە دەسنیشان بكەم:

1 ـ نوسەر لە ل27 دا نوسیویەتی: «لە لایەن دانشجۆیان دانشگای تەورێزەوە، بە بۆنەی بیرەوەریی ڕۆژی ساڵگەردی هەڵەبجەی شەهید ـ ەوە، بۆ بەشداریی بوون، لەوێ دا، بانگ كرام: منیش زۆر بە گەرمی یەوە، پێشوازیی، ئەو داخوازی یەم كرد و بۆ ئەوێ چووم و تیایشی دا، بە پارچە پەخشانێ، بەشداریم كرد. شایانی باسە، كە پەخشانەكەم بە ناونیشانی: (پەیامێ لە دایكەوە) بوو». پاشان لە ل28 ـ 30 دا دەقی ئەو شیعرە (یان ئەو پەخشانە) نوسراوەتەوە. لێرەدا خوێنەری ئەو كتێبە بۆی هەیە بپرسێت: ئەو شیعرە چ پەیوەندییەكی بە مێژوی هەورامانەوە هەیە و چ جێیەك لە مێژوی هەوراماندا دەگرێت؟!

2 ـ نوسەر لە گەلێك شوێندا (وەك لە سەرەتای كتێبەكەدا) چەند باس و بەسەرهاتی تایبەتی و شەخسیی خۆی گێڕاوەتەوە و چەندین لاپەڕەی پێ پڕكردونەتەوە، كە ئەو باسانە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ مێژوی هەوراماندا ناگونجێن و زیاتر لە بۆنەی تایبەتیدا دەگوترێن، نەك تێهەڵكێشی مێژوی هەورامان بكرێن!! هەر بۆ نمونە لە لاپەڕە (14 هەتاكو 31) چەند بەسەرهاتێكی خۆی گێڕاوەتەوە، كە چۆن لە بەغداوە گەیشتوەتە ئێران و چی دیوە و ماوەیەك لەمەوپێش دانەیەكی ئەم كتێبەم دەستكەوت و بە شێنەیی خوێندمەوە. لە كاتی خوێندنەوەیدا هەندێك سەرنج و تێبینیم لای خۆم تۆماركرد، وا لێرەدا (بەشێكیان) دەخەمە بەر چاو، ئومێدەوارم بۆ نوسەرەكەی و بۆ خوێنەرانیش سودبەخش بن.

لە لاپەڕە دوی كتێبەكەدا بە زمانی (فارسی) هەندێك زانیاریی دەربارەی ناوی چاپخانە و كات و شوێنی چاپی كتێبەكە نوسراوە، لەوێدا بەم جۆرە ناوی كتێبەكە و ناوی نوسەرەكەی نوسراوە: (تاریخ اورامان، دكتر محمدامین هورامانی، چاپ نخست: 1380، حروفچین: محمد غفاری، تهران ـ انتشارات بلخ). ئەگەر سەرنج بدەین لە سەر بەرگی كتێبەكە، لە بەر دەم ناوی نوسەردا نەنوسراوە «دوكتۆر...» ، كەچی لە ل2 دا بە فارسی نوسراوە «دكتر محمدامین هورامانی»!

ناوی كتێبەكە لە سەر بەرگی دواوەی بەم جۆرە نوسراوە:

چی بەسەرهاتوە و لە ماڵی کێ بوە و لەگەڵ کێ بوە...

3 ـ نوسەر لە (ل344 ـ 346)دا کورتەیەکی ژیاننامەی شەهید ئازاد هەورامی نوسیوە و باسی بنەماڵەکەیانی کردوە. پاشان لە (ل347 هەتاکو 365) (کە دەکاتە 18 لاپەڕە) دەقی ئەو شیعرەی شێرکۆ بێکەسی نوسیوەتەوە کە بە بۆنەی شەهید بونی ئازاد هەورامییەوە نوسیویەتی. بە باوەڕی من شەهید ئازاد هەورامی و هەمو شەهیدێکی قارەمانی وەکو ئەو، شایانی ئەوەن کە کتێبی تایبەتی و زۆر بەنرخیان دەربارە بنوسرێت، بەڵام لە کتێبێکی گشتیی وەکو ئەم کتێبە دا کە دەربارەی مێژوی هەورامانە، دەکرا وەک کەسێکی تێکۆشەری هەورامی، تەنها کورتەیەک لە ژیاننامەی (بە چڕی و پڕی) لە دو توێی یەک دو لاپەڕەدا بنوسرایە، هاوکات بۆ ئەوەی باسەکە پارسەنگ بێت، دەبوا ئاماژە بۆ ناوی گەلێک تێکۆشەر و قارەمانی دیکەی هەورامان بکرایە. هەروەها ئەو شیعرەی شێرکۆ بێکەس کە بۆ شەهید ئازاد هەورامی نوسیوە، من بە یەکێک لە شیعرە بەنرخەکانی شاعیری دەزانم، بەڵام نەدەبوا لەو کتێبەدا بنوسرایەتەوە.

4 ـ نوسەر لە (ل937 هەتاکو ل944)دا باسی زاراوەی «ڕۆمانسیزم» و «کلاسیزم»ی کردوە و چۆنێتیی سەرهەڵدانیانی شیکردوەتەوە و چەند لاپەڕەی پێ پڕ کردوەتەوە. ئاخۆ باسی ڕۆمانسیزم و کلاسیزم چ پەیوەندییەکی بابەتیانەیان بە مێژوی هەورامانەوە هەیە!

چەند سەرنجێکی گشتی:

* لەم کتێبەدا، بۆ لێکدانەوەی ڕوداو و بەسەرهاتەکان، لە هەر جێیەکدا جۆرە مێژویەک بەکار هێنراوە. وەک «مێژوی کۆچی»، «مێژوی زایینی» و «مێژوی هەتاوی». (نوسەری ئەم کتێبە مێژوی هەتاوی بە «ئێرانی» و لە هەندێک جێی دیکەدا بە «ڕۆژی» ناوبردوە). لە زۆر شوێنیشدا مێژوی ڕوداوێکی نوسیوە بەبێ ئەوی بنوسێت ئەو مێژوە زایینیە، کۆچییە یان هەتاوی؟! مێژوی هەندێک ڕوداویشی زۆر سەیر نوسیوە، مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێت چۆن کەسێکی شارەزای زمان و مێژو، ئاوا مێژوی ڕوداو دەنوسێت! لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەم:

1 ـ لە (ل6)دا نوسیویەتی: «... لە ساڵانی حەفتا و چوار بەولاوە، هاوکاریی لەگەڵ کۆڕی زانیاڕی کورددا ... کردووە».

2 ـ لە (ل 430)دا نوسیویەتی: «مانگی 11 یا 12ی 78 لە تاران لە ماڵی سالار جاف بووم...».

3 ـ لە (ل428)دا نوسیویەتی: «... لە ئەیلوولی (61)دا ...».

4 ـ لە (ل495)دا نوسیویەتی: «یەک شەممەی ڕۆژ (1357.8.7) ڕۆژیی...».

5 ـ لە (ل762)دا نوسیویەتی: «... شەوی دووشەممەی ڕێککەوتی ساڵانی (1267)ی کۆچی...».

* لەم کتێبەدا گەلێک وێنە بەرچاو دەکەون کە وێنەی زۆر تایبەتی و شەخسین و مرۆڤ ئەگەر لە ئەلبومیماڵیشدا دایانبنێت، ڕەنگە پیشانی هەمو کەسێکی نەدات! کەچی وا لەم کتێبەدا کراون بە بەشێک لە مێژوی هەورامان! ئەو جۆرە وێنانە لە نرخ و بەهای کتێبەکەیان کەمکردوەتەوە و لە (سوودی تاکە کەس) بەولاوە، هیچ سودێکی گشتییان تێیادا بەدی ناکرێت. دەتوانرا لە جێی ئەو وێنانە، وێنەی گەلێک لە شوێنەوارەکانی هەورامان و وێنەی دەیان هونەرمەند و نوسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنوس و تێکۆشەری چ کۆچکردو و چ زیندوی هەروامان دابنرایە کە ئەوە سودی گشت لایەکی تێدا دەبو و سەنگی کتێبەکەشی زیاد دەکرد.

* زۆربەی وێنەکانی نێو کتێبەکە زانیاریی پێویستیان لەژێردا نەنوسراوە. بۆ نمونە نەنوسراوە: وێنەکە لە لایەن چ کەسێک و بە کامێرای کێ گیراوە، کەی وێنەکە گیراوە (مێژوەکەی)، ناوی شوێنەکە، ناوی کەسەکانی نێو وێنەکە، ناوی ئەو کەسە یان ئەو سەرچاوەیەی کە وێنەکەی لێ وەرگیراوە ...

* ئەگەر هەر کەسێک بە وردی کتێبەکە بخوێنێتەوە، دەبینێت زۆرجار باسەکان تێکەڵ و پێکەڵ کراون و بە شێوەیەکی بەرودوا نەنوسراون. هەروەها لە گەلێک جێدا باسەکان دوبارە بونەتەوە، بەبێ ئەوەی پێویست بەو دوبارەکردنەوەیە بکات. بۆ نمونە لە (ل 520 ـ 525)دا کورتەیەکی ژیاننامەی «کاردۆخی» شاعیر و چەند پارچە شیعرێکی نوسراوە، کەچی لە (ل 1155 ـ 1156)دا دیسان کورتەی ژیاننامە و پارچە شیعرێکی ئەو نوسراوەتەوە. هەروەها لە (ل 519 ـ 520)دا کورتەی ژیاننامە و پارچە شیعرێکی «میرزا ئۆلقادری تەوێڵەیی» نوسراوە، لە (ل 1147 ـ 1148)دا دیسان دوبارە کراوەتەوە.

* نوسەر مەرجەکانی خاڵبەندی بە شێوەیەکی دروست پەیڕەونەکردوە. کەمجار نیشانەکانی وەک: خاڵ(.) ، کۆما(،)، کۆلۆن(:) و نیشانەی سەرسوڕمان(!) و نیشانەی پرسیار(؟) و ئەوانی دیکەی لە جێێ گونجاودا داناوە، ئەوەش، خوێندنەوەی کتێبەکەی تا ڕادەیەک زەحمەت کردوە و کاریگەریی بۆ سەر تێگەیشتن لە باسەکانیش هەیە. بۆ نمونە لە سەدان جێدا لەبریتی ئەوەی خاڵی کۆتایی ڕستە دابنێت، نیشانەی سەرسوڕمانی داناوە. هەروەها لە سەدان جێدا بەبێ ئەوەی پێویست بێت نیشانەی (کۆما)ی داناوە. هەروەها لە زۆر شوێندا کاتێک (سەرناو)ی باسێکی نوسیوە، خاڵێک یان کۆمایەکی لە بەر دەمدا داناوە! یان لە هەندێک جێدا دو کۆما یان کۆمایەک و خاڵێکی بەدوای یەکدا داناوە ...

* لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا کاتێک ناوی کتێبێک وەک سەرچاوە دەبرێت، پێویستە ناوی کتێبەکە و ناوی نوسەرەکەی و (ئەگەر وەرگێڕابو ناوی وەرگێڕەکەی) و شوێن و مێژوی چاپی کتێبەکە و ئەو لاپەڕانەی کە سودی لێ وەرگیراوە بنوسرێت. لەم کتێبەدا زۆر بە کەمی پەیرەوی ئەوە کراوە و زۆربەی جار تەنها ناوی کتێبەکە و ناوی نوسەرەکەی نوسراوە. ئەم دیاردەیە لە لاپەڕەی (46) و (1239) دا بە ڕۆشنی بەرچاو دەکەوێت.

* لەم کتێبەدا گەلێک هەڵەی (ڕێزمانی) و هەڵەی (زمانەوانی) بەرچاو دەکەون. لەبەر ئەوەی هەڵە ڕێزمانییەکان یەکجار زۆرن، لێیان دەگەڕێم. بەڵام دەکرێت چەند دانەیەک لە هەڵە زمانەوانییەکانی (تەنها سەرەتای) کتێبەکە دەسنیشان بکەم:

1 ـ لە (ل 10، 11، 12 ...) دا چەندین جار نوسیویەتی: «بابانیەکان». دەبوا «بابانەکان»ی بنوسیایە، هەروەک دەڵێین: «جاف ـ جافەکان، بڵباس ـ بڵباسەکان، کورد، کوردەکان ...».

2 ـ لە (ل 6) و هەندێک لاپەڕەی دیکەشدا وشەی «وتاربێژ»ی لە جێی «محاضر»ی عەرەبی بەکار هێناوە، «وانەبێژ» لە زمانی کوردیدا زیاتر جێی خۆی گرتووە. وتاربێژ بە «خطیب» دەگوترێت.

3 ـ لە (ل 5 ـ 9)، نوسەر کورتەیەکی ژیاننامەی خۆی لە زمانی کەسێکی دیکەوە نوسیوەتەوە، لە کۆتایی ژیاننامەکەدا لە لە (ل 9)دا نوسیویەتی: «ژنی، کەوکەب خانمی شاعرە و خاوەنی، چوار کوڕ و سێ کچە (هەردووکیان)». دەبوایە بینوسیایە: «هاوسەرەکەی ناوی کەوکەب خانمە و چوار کوڕ و سێ کچیان هەیە». پاش ئەو ڕستەیە نوسیویەتی: «محەمەدئەمین هەورامانی، ساڵی (1938)، لە ئاڵیاوا، لە مانگی (نۆ) لە دایک بووە». دروستتر بو بینوسیایە: «محەمەدئەمین هەورامانی لە مانگی سێپتێمبەری 1938 لە گوندی ئاڵیاوا لەدایکبوە». هەروەها باشتر بو کە ئەم ڕستەیەی لە(ل 5)دا ڕاستەوخۆ پاش ئەوەی کە ناوی خۆی نوسیوە و خۆی ناساندوە بنوسیایە، نەک لەکۆتایی ژیاننامەکەدا! (جێی سەرنجە کە لەلاپەڕە پێنجدا نوسیویەتی لە «بیارە» لەدایک بوە ، کەچی لە لاپەڕە نۆ دا نوسیویەتی لە «ئاڵیاوا» لە دایک بوە!).

* لە (ل1103 هەتاکو 1186) دا کورتەی ژیاننامە و نمونەی شیعری هەندێک لە شاعیرەکانی هەورامان نوسراوەتەوە. هەروەک لە (ل 1186) دا ڕون کراوەتەوە، ئەو بەشە لەسەر داوای نوسەری کتێبەکە، لە لایەن «حەکیم مەلاسالح»ەوە نوسراوە. سەبارەت بەو بەشە ئەم تێبینیانەم هەیە:

1 ـ نوسەری ئەو بەشە لە ژێر ناوی زۆربەی شاعیرەکاندا مێژوی لەدایکبون و مردنی شاعیرەکانی نوسیوە، بەبێ ئەوەی کە دەسنیشانی بکات ئەو مێژوە (زایینی، کۆچی یان هەتاوی)یە! ئەگەر تەمەنی شاعیرەکان بەپێی ئەو ژمارەی ساڵانە کە ئەو نوسیونی، لێکبدەینەوە، دەبێت هەندێکیان هەر بە منداڵی مردبن و هەندێکی کەشیان تەمەنیان نزیکەی دوسەد ساڵ بوبێت!! بۆ نمونە لە (ل 1143) دا کورتەی ژیاننامەی مەلا عەبدوڵڵای مفتی نوسیوە، لەوێدا لە ژێر ناوی موفتیدا نوسیویە: (1272 ـ 1242)، بەپێی ئەو زانیارییەی کە من لای خۆم تۆمارم کردوە مەلا عەبدوڵڵای مفتی لە ساڵی 1854ی زایینی لەدایکبوە و ڕۆژی سێ شەممە 1923/12/5 کۆچیدواییکردوە، واتە لە تەمەنی (70) ساڵیدا کۆچیدواییکردوە. لە (ل 1154) یشدا ساڵی لەدایکبون و مردنی دوکتور سدیقی مفتی زادەی بەمجۆرە نوسیوە (1224 ـ 1405). بە پێی زانیاریی من دوکتۆر محەمەد سدیقی مفتی زادە ساڵی 1912 لە گوندی دشە لەدایک بوە و ڕۆژی دو شەممە 1984/11/27 لە تاران کۆچیدواییکردوە. لە (ل 1150)دا کورتەیەکی دەربارەی مەلا خالیدی مفتی کوڕی مەلا عەبدوڵڵا مفتی نوسیوە و ساڵەکانی بەمجۆرە نوسیوە: (1232 ـ 1400) کە بەپێی ئەوە بێت، دەبێت تەمەنی 168 ساڵ بوبێت! ڕاستییەکەی مەلا خالیدی مفتی لە تەمەنی (65) ساڵیدا کۆچیدواییکردوە. سەبارەت بەم بەشەی کتێبەکە سەرنج و تێبینی دیکەشم هەن، بەڵام چونکە نوسەری کتێبەکە نەینوسیوە، لێرەدا بەوەندە لێی دەگەڕێم.

دوا وتە: ناوچەی هەورامان مێژویەکی قوڵ و بەرینی هەیە و بەشێکی گرنگ لە مێژوی نەتەوەکەمان پێکدێنێت، بەڵام مخابن، مێژوی هەورامانیش وەک سەرجەم مێژوی نەتەوەکەمان بەشێکی کەمی تۆمارکراوە و ئەوەی دیکەی فەوتاوە و لەبیر چوەتەوە. سەبارەت بە مێژوی کۆنی هەورامان دەکرێت بڵێین باشترین سەرچاوە بۆ ساغکردنەوەی، ئەو شوێنەوار و پاشماوە دێرینە بەنرخانەن کە لە ناوچەی هەوراماندا هەن؛ ئەم ئەرکەش دەکەوێتە ئەستۆی کەسانی پسپۆڕی بواری ئارکیۆلۆجی. بۆ ساغکردنەوەی مێژوی هەورامان لە سەدەکانی پێش و پاش بڵاوبونەوەی ئایینی ئیسلام، ناچارین زانیاریی لەو کتێب و نوسراوانە بە دەستبهێنین کە لەو دەمانەدا لە لایەن گەلانی دراوسێی کوردەوە نوسراون، کە دیارە لەوانیشدا زۆرجار لە دیدی دوژمنەوە باس لە کورد کراوە و مێژونوسی کورد دەبێت زۆر بە هوشیارییەوە سود لەو سەرچاوانە وەربگرێت. سەبارەت بە مێژوی نوێ و هاوچەرخی هەورامان دەتوانین بڵێین کە بەشێکی کەمی تۆمار کراوە و بەشی زۆری وەکو «مێژوی زارەکی» ماوەتەوە و پێویستە هەرچی زوتر کەسانی لێزان و پسپۆڕ بینوسنەوە و لێکۆڵینەوەی دەربارە بنوسن.

هەروەها ناوچەی هەورامان خاوەنی فۆلکلۆرێکی یەکجار دەوڵەمەندە و ئەگەر بێت و کەسانی دڵسۆز و شارەزا کۆی بکەنەوە و لێیبکۆڵنەوە، دەتوانن چەندین کتێبی سەنگینی لێبەرهەمبێنن.

دیالێکتی (هەورامی)یش بۆ خۆی باسێکی یەکجار دەوڵەمەند و فرەلایەنە و ئەویش وەکو پێویست کاری زانستی لە سەر نەکراوە. تەنانەت هەوڵی ئەوەش نەدراوە کە لە دوتوێی فەرهەنگێکدا وشەکانی دیالێکتی هەورامانی بە لێکدانەوەیەکی کەمەوە بنوسرێت؛ کە ئەمایان ئەرکی سەرشانی کەسانی وەک مامۆستا محەمەدئەمین هەورامییە و دەبوا زیاتر لە هەر بوارێک لەو بوارەدا خەریک بونایە. لە دوا وتەمدا دەمەوێت بڵێم مێژوی هەورامان تەنها بریتی نییە لە مێژوی بنەماڵەی سانەکان، بەگەکان، شێخەکان ... و خانەکانی هەورامان، بەڵکو هەورامان خاوەنی مێژویەکی زۆر لەوە بەرفراوانتر و قوڵترە و دەبێت ئەو مێژوە بە شێوەی زانستییانە و بێلایەنانە و بە گیانێکی پڕ لە ورە و جورئەتەوە بنوسرێتەوە و لەبەر خاتری ئەم و ئەو باسی لاوەکی و تایبەتیی تێهەڵکێش نەکرێت.

سەرنجێک

ئەو پەڕەگرافانەی کە لە کتێبەکەم وەرگرتون، وەکو خۆیان نوسیومنەتەوە و بە هیچ جۆرێک دەستکاریم نەکردون.



Hawar_naqshband@hotmail

## هاوار نەقشبەند

کتیبیڤا و...

نریان تاقۆ

چوون......

بەرگەکەش هورئامان

جە داخەو تاریکیەنە

پەرتووکیف ویش سوچنا

کاتێ روشنای هایش بیۆ....

خرابی هورپڕووزیا بی و.....

تاریکی ویش شاردە بیڤە

شاهو ڤەرڤەش تاڤناڤە

چەنی هەراڵەبرەمی زەماوندەش کەردە

هەراڵەبرەمی..

دڤەگیانە کۆتە..

جە چوار پارچەو کوردستانیەنە....چوار پەڕیش بیی و

جە هۆرامانۆ شوتش دا بە کردیشا

## وەشەویسی

وەشەویسی بی بە هۆر

ویش دا ئاسمانوو هۆرامانی

وەشەویسی بی بە واران

وارا، تکیانە یانەو مۆلەوی

وەشەوەسی بی بە تەوەنی پەی پیشالیاری

وەشەویسی بی بە تاق پەی کتیبەکا سەراجەدینی

وەشەویسی بی بە ئایر پەی ئایرگاو زەردەشتی

وەشەویسی بی بە سیاوچەمانە پەی ئەویستای

## فەرهەنگ

فەرهەنگ وەنەنیوەنە ...... کە میژووی بەسینە بە ویشۆ

ئەکەر ......

فەرهەنگ وەروە بیێ..

پەنا ئۆ یانەو فەرەنجی بەری

ئەکەر.......

خەرمان بیێ هەماروو شەنینە ڕۆ کەریوە

ئەکەر .......

دار بیێ بی بە چەمچە و پەنا ئۆ هەجیجی بەری

ئەکەر..............

ئەکەر شۆنەو فەرهەنگیەرە کیڵی..............................

لوە پەی یانەو پیرشالیاری

فەرهەنگ...... هیلەساوا.........................................

کە بیەن بە بازنەو دەسوو کناچی هۆرامانی

فەرهەنگ

فەرهەنگ شناسنامیوا کە ئەهوورامەزدای دان بە هۆرامانی

## وەرووچییشی گورانیڤاچە هۆرامیەکی کەلیماتی سۆرانیشا بەکارئاردینی؟ *

**عوسمان بەکر/سایتو هۆرامانی**

کەلتوور یون چا فاکتەرا کە کریو بوبە ناسنامەی نەتەڤەیی نەتەڤە جیاجیاکا. هەڵبەتە واژۆ کەلتووری چەمکیوی هەر فرە فراڤاناو فرە چیڤی گیرونەڤەر چانیشا گورانییی، جلووبەرگ، جوری واردەی، مەراسیمی شادی، چەمەری، ڕەفتار، ڕەڤیە.........................................هپ.

گورانیە کوردیەکیچ بەتایبەتی سیاچەمانە، هۆرە، لاووک و حەیران کەگورانیی ناووچە جیاجیاکا کوردستانیەنی، کریو پیسە ناسنامەی کوردی شناسایی کریا. من دڵنیانا چانەیە کە سیاچەمانە گورانیوەنە تەنیا جەهۆرامانەنە چڕیو، وەنیەنا چا باوەڕەنە کەسیوتەر کەبە ئاووهەوا هۆرامانی و کەلتووروەکێش نەپەروەریابوو بتاڤو سیاچەمانە بەخاسی چڕو**" **ئەو حەیرانەی کورد هەیەتی هیچ دراوسێیەکی نییەتی ئەو لاووکەی کورد هەیەتی ئەو هۆرە و سیاوچەمانەیەی کورد هەیەتی، هیچ دراوسێییەکی نییەتی "**
**1.**

پیسە ئاشکران گورانییی هۆرامییی جە یەری بەشە سەرەکیا پیک ئامێنی { سیاچەمانە، خاڤ و چەپڵی یان شادی }. هەرچندە تا ئیسە فرەتەروو گۆرانی ڤاچە هۆرامیەکا ئەجوشا بیجگە چا یەرە جورەیە کە جە سەرۆ نامیشا ئامێنە چندەها جوری تە ریچما هەنی پیسە { دیلانێ، شێخانی، چەمەری، ووردەبەزم، بەرزەچڕ،دەرەیی، سەحەری.................هپ }.

بەڵام من ئەجوم ئا جورە گورانییی سەرجەم، چا یەرە خانا سەریەنە یاگیشا بوڤە. یانی پێ نموونەی کریو گورانییی خاڤی بەزمی ( شیخانی، بەرزەچڕ، دەرەیی،.....هپ )گیرو وی یان سیاچەمانە بەزمی [شیخانی، سەحەریی، دەرەیی..........هپ ] ش هەنی.

کەپاسەبو متاڤمی ڤاچمی کە گورانییی هۆرامییی یەری جورینی بەڵام هەر جوریڤشا چندەها بەزمیش هەنی ***.

مەبەستوو من چی مەقالەنە ئانەنیا کە بە دووروو دریژی باسوو جورەکا و بەزماکا کەروو، بەڵکوو مەبەستم وەڵامووئا پرسیارو سەریەنە.

فرەتەروو ئاکەسا کە دەربارەۆ کەلتووروو هۆرامانی و گورانیە هۆرامیەکا چیڤیڤشا نڤیستەن ڤاژۆ سیاچەمانەیشا بە چند جوریڤ شی کەردەنۆ، بەڵام پێ لڤاکۆ ماموسا **محەمەد ئەمین هۆرامی** کە ڤاژۆ سیاچەمانەی گیڵنوڤە پێ ڤاژۆ **سیاجامە2 ی** جە پێ لڤایەکا تەری لۆجیکانەتەرا. ئەگەر ڤاژۆ سیاچەمانەی جە ڤاژۆ سیاجامەکاڤە هورگیریابو متاڤمی ڤاچمی کەسیاچەمانە گورانیڤی دینییو زەردەشتیەکا بییەنە و سیاچەمانەکی جەسەردەموو زەردەشتیەکاڤە تائیسە چڕیێنی و سینە بە سینە جە نەڤیڤییۆ یاڤێنی بە نەڤیڤ تەری.

تێکست یا کەلیمی سروودە زەردەشتیەکا بەبی گمان پشو پا زڤانیە نڤیسیێیا کە سیاچەمانەکیش پنە چڕیێنی.

هەڵبەتە جە سەردەموو زەردەشتیەکانە تێکستوو سیاچەمانەکا و هۆرەکا وەتەنانەت مەقامەکاچ گاتاکی بییەنی **[ بی ئەڤ**** نیا کە تا ئیسەیچە فرەسەتوو هۆرەکا و مەقامە کوردییەکاچ بە هۆرامیی چڕیا ].**

فرەتەروو زڤانشناسەکا سەروو ئانەیە کە زڤانوو ئاڤێستای زڤانیڤی کونی ئێرانیا و نزیکایەتیش چن زڤانی سانسکریتی و پارسی کونی هەن

جورینی.

بەڵام زڤانشناسیچ هەنی کە زڤانوو ئاوێستای بەزڤانوو مادەکا مزانا. دوکتۆر **علی روخزادی** جە کتیبەکەشەنە **( آواشناسی ودستورزبان کردی )** ماچو:

**" ئەندیو جە دانشمەندا ئینێ چاباڤەڕەنە کە گاتاکی زەردەشتی بە زڤانی مادی نڤیسیێنی و ئەندیڤیچ زڤانی کوردی بە لەڤیڤو جە زڤانی ئێرانی مزانا کە ئەڤامەنۆ زڤانی مادیا "3.**

فرەتەروو *زڤانشناسەکوردەکا* زڤانی کوردی بە زادۆ زڤانی مادی مزانا. هەرچوومنەبو زڤانوو ئاڤێستای پیسەوو گرد زڤانەکا تەری فارپاش ئامان ملەڕەوو متاقمی ڤاچمی بیەن بە ئەداوو زڤانە ئێرانیەکا بەتایبەت زڤانی کوردی بەگردوو زاراڤەکاشۆ. بەڵام فرەستوو ڤاژەکا ( **80 %** ) هۆرامیینی **4.**

کاک **بابان سەقزی** جە کتێبەکەشەنە [زەردەشت هیوای رزگاری ] ماچو: **"کاتێک مرۆڤ بەراوەردێکی سادە لەنێوان زمانی کوردی ئەمرۆ و زمانی هۆرەکانی زەردەشت و ئەدەبیاتی پاش زەردەشت دەکات ئینجا دەبینێت کە چەندە خۆڕسک پەیوەندیان هەیە بەیەکەوە.بەڵام گرینگتر ئەوەیە کە دوو زاراوەی سەرەکی زازایی و هەورامی زۆر سەیر لە واژە و ڕێزمانی ئاوێستایی دەچێت و پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان بەیەکەوەهەیە" 5.** چاقسا سەرێۆ پێمابەرگنو زڤانی هۆرامی هەرفرە کونا و نەڤۆ زڤانی ئاڤێستاییا. بەقسو ماموسا **جلیلی عباسی** گردوو دیالێکتەکا ئارو زڤانی کوردی پیسە ( لوری،کرمانجی ، سۆرانی، هۆرامی....هپ ) دیالێکتی زڤانی **هۆرامی میانەیەینی6**. کە پاسەبو بنج و بناڤانوو زڤانی کوردی ئاروی زڤانی هۆرامی کونا کە ئیسە جەئەنجاموو بی خزمەتیەنە بە دیالێکت نامیش بریو.

ئانێچە کە ئاشکران ئا تێکستە کونی کە تا ئیسە پیسە ئەدەبی کوردی ئەشناسیێنی فرەتەرشا بە زڤانی هۆرامی نڤیسیێنی. بەڵگەیچ پێ ئی قسی ئانەنە کە زڤانی هۆرامی نەک هەر زڤانوو هۆرامانی بیەن بەڵکوو زڤانوو دینی و ئەدەبی سەرزەمینیڤی فراڤانوو بەروو هۆرامانیچ بیەن و پا زڤانیچە نویسیان **7.**

کە پاسەبو کەلیماتی یا تێکستو گورانیە هۆرامیەکاچ بە هۆرامییی نویسیان .

بەڵام ئانە کە یاگو سەرنجیەنە ئانەنە کە فرەسەتوو گورانیە هۆرامیەکا [ بەتایبەتی گورانیە شادەکی] هەرهیچ نەبو چا وەختۆ کە گورانیەکی ڤزیێنی سەروو نەڤاری تا ئیسە کەلیماتەکیشا بەدەر جە کەلیمە هۆرمیا زیاتەر بە گویشی سۆرانیەنی یان ڕاستەر ڤاچوو جافیینی.

<u>دێ پشو ئەڤ و ئی پدیدەیە چیش بیەبو.</u>

**یەکەم** ئا چیڤە کە بەڵگە نەڤیستا ئانەنە کە هۆرامان هامسا ئا ناووچانە کە فیشتەروو جافەکا چامژیڤا و گویشی هۆرامیوو سۆرانیچ هەردڤی سەربەیەک زڤانیەنی. کەپاسەبو فرە سروشتیا هەردڤیلێ ڤاژی وەیا شعری یوتەری بەکاربارا. بەڵام ڤەروچیشی ئا نزیکایەتیە زیاتەر جەگردو بووارەکا تەری جە کەلیماتا گورانیە هۆرامیەکانە فرەتەر زەق و ئاشکران؟ **ئانەنە کە : دووەم** من ئەجوم هەر چاوەختۆ کە بەگزادە جافەکی جە بەشیوی فراڤانوو کوردستانوو ئێراقی و کوردستانو ئێرانیەنە دەسەڵاتشا کۆت دەست، فرەسەتوو ئا گورانیڤاچا کە دیواخانوو ئا

بەگە جافا بەدەنگە وەشەکێشا گەرم کەرینی، بەتاییەتی جە دۆرووبەروو هەڵەبجەی، کەلاری و جوانڕویەنە گورانیڤاچە هۆرامیەکی بینی. جا ئا گورانیڤاچی پێ ئانەیە کە زیاتەر کار کەرانی سەروو جەماقەرەکێشا بەتاییەتی بەگزادەکی و ئاکەسی کە جە زەماوەندەکانە بەشداریی کەرینی، هۆڵشادان کەلیماتەکاشا پا جورە ڤاچا کە جەماقەرەکەشا ئاسانتەر بیاقوشانە. متاقو ڤاچو فاکتەری ئابووریچ دۆریڤی فرەش بیەن، یانی گورانیڤاچە هۆرامیەکی پێئانەیە کە بازاروو گورانیەکاشا فراڤانتەربو و تەنیا هەر هۆرامان نەبو زیرەکانە پەناشا بەردینە ئەرەنیای یام ئەنەئاردەی کەلیماتە سۆرانیاچ . نمونە پێ گورانیە خاوەکا مەچۆ مەچۆ، هۆریلەمل، سەلە سەلە...... . ئی پدیدە جە گورانیە شادەکانە فرەتەر ئاشکران. هەرپێ نموونەی ئەگەر گوش دێمی بە کەلیماتەکا گورانیو کاڵەبەی کاڵی، شیرینەوخانم، ئامەکوڵی وەی فاتەکوڵی یان بۆتور ...بۆتور ..بۆتوریای....هپ. گوشگیر یەکسەر هەست کەرو ئاڤازەکی هۆرامینیو کەلیماتەکی سۆرانیی. ئینێچە چند نموونیو چا کەلیماتا:

مەچۆ دا مە چۆ تامن بگەم پێت ماچ کەرو گونات تاسەم بشکێ لێت
دەردت لەماڵم کەڵەکەی بەمۆ قەولت نادەمێ تاقیت نەکەمۆ
مەچۆ دا مە چۆ فرمانم پێتە هەرچی فەرماوی سەرم لە ڕێتە

ئاخ سەلە سەلە تۆم چەند سەلاری ئێژی ئاسکەکەی دەشتی کەلاری
چەند شاران گەڕام چەند دووکان بەستم عەتری زڵفی یار نەکەفت وە دەستم
ئاخ سەلە سەلە سەلەی ماڵەکەم ........نەخۆش نەکەوی نەڕمێ ماڵەکەم

هەوری لەمل کەتان بەکۆڵ وەختە من بۆت بمرم بەری بەیانیان پێم خۆشە لەباوەشت بگرم
هەوری لە مل ڕەفتە بەسەر .لیرە لە گەردەن هەزارێ چوون من پێ تو سەرگەردەن.

لەگەڵ تۆمە ئاڵتوون بەسەر کاڵەبەی کاڵی لەپەنجەرە سەربێنەدەر کاڵەبەی کاڵی
ئاهو ناڵە و داخ و دەردم کاڵەبەی کاڵی من گیرودەی لامل زەردم کاڵەبەی

عوسمان بەکر
22-12-2006

پەراڤیزەکی:

* ئەنگیزۆ ئی نڤیستە نیمە و ناچڵەیە ئانەنە کە بەڵکوو پتاڤو بەکومەکوو گردوو دوس و دڵسوزا موسیک هەم گورانیە هۆرامیا، دەریچیو کەروۆ پێ ساخۆکەردەی نەک هەر تآریخوو گورانیا و موسیکی جە هۆرامانە بەڵکوو ساخۆکەردەی چندەها فاکتا دەربارۆ سەرجەم کولتوورو هۆرامانی بەتاییەت موسیک و گورانیی.

** هەڵبەتە جافەکی دۆرووبەروو هۆرامانی فریشا هەر گورانیی هۆرامیی چڕا پیسە هونەرمەندا کاک فتحاللەی ئەمینی و کاک حەمەمین خواشتی کە هەردڤی گورانیی هۆرامیی بەئەندازیو خاس ماچا کە هیچکەس مەتاڤو جە گورانیڤاچەکا هۆرامانی جیێشاکەروڤە.

*** کریو واچمی گورانیی هۆرامیچما هەنی کە تاییەتینی بە زاڤلا وە هەرپاسە ژەنا.

**** ڤاژۆ **( ئەڤ )** یم جیاتی ڤاژۆ **( هۆ )** ی سۆرانی بەکار بەردەن.

1. مێژووی مۆسیقای کوردی لەنووسینی محەمەد حەمەباقی ل19.
2.هەمان
سەرچاووەل75 .

3. آواشناسی و دستور زبان کردی لەنووسینی دکتر علی رخزادی ل25
4. گفت و گو تەلەفزیۆنوو ( **مێد** ) ی چن ماموسا محەمەد ئەمین هۆرامانی وە سمینارووِ ماموسا جلیل عباسی جە ژوورو **کورد (هۆرامان)/پاڵتاک یەنە.**
5. زەردەشت هیوای رزگاری/ گاتاکان/ بەشی یەکەم ل15 لە نووسینی بابان سەقزی.( ئی سەرچاڤە سەروو( نێت ) یۆ هەن.
6. هەمان سیمینارووِ پاڵتاکی پێ ماموسا جلیلی عباسی.
7.ڕەسەنایەتی زمانەکەت بناسە لەنووسینی محەمەد ئەمین هەوراماني13

<u>**سەرنج**</u> : پشو پێلواکۆ ماموسا محەمەد ئەمین هۆرامی پی جورە شیکەرمێ:
ڤاژۆ سیاچەمانەی جە ڤاژۆ سیاجامەکا وە هورگیریان. سیاجامەکی ئا کەسایەتییە دینیی بینی کە موغەکیچشا پنەواتینی و جە ئاتەشگاکانە گاتاکیشا بە
ئاڤازۆ چرینی.
کەپاسەبو ئا ئاڤازی کە موغە سیاجامەکا چرینی بە سیاجامانە نامیشا نریێنە کە وەرە وەرە سیاجامانەکەیچ فاریان بە سیاچەمانە.
سیاجامە جە دوی ڤاژا[سیا + جامە ]یۆ ئامان کە ماناکیش سیاپوشا. یانی موغە زەردەشتیەکی جلی یا پوشاکی سیاڤیشا پوشێنی

## ئێمە کێنمێ؟

خودادادی مورتەزائی(ئەهوەن
هەورامی) ساڵەو2706 ی کوردی

## ئێمە کێنمێ؟

دیارا ئەگەرئێمە گەرەکمابۆ جەبوارورێشە و بنچینە و وێماوە بنویسمی نەقەڵەم بەش کەرۆ نە دەفتە ریاگی گێرۆ بەڵام بائەچێنە هیچ نەبۆ دەسێو دارمی پەی چن خاڵێوە جەخاڵە پەرپاییێغەکاش باجەبنەڕەتەو وێمائاگاداری بیمێوەو بزانمی کە ئێمە پێسەوکوردی کێنمی و رۆڵماجەتاریخوو بەشەرینە چێش بیەن ئەڵبەت جەرووِ ویجدانیە عێلمانیوە نەجەراو ناسێونالیستیە ئەفراتیوە.
ئێمە نمواچمی ئێناماملوو خەڵکاتەریرە بەڵام ئانەی ماچمی ئێمەیچ نەتەوەیە ئەسڵ و نەسەب دارێنمی جە تاریخوو مرۆڤایەتینە پێسەو رۆی رۆشنی شۆنیما دیارەنە.
ئێمە وێمانەجە کەسی سەرتەر مزانمی نەوارتەر ئێمە ئەگەرچێوماپەی وێما گەرەک بیەبۆ پەی یۆتەرێچ گەرەکمابیەن جەهەرچێوێچ نامێش رەگەز پەرەستی بۆ ڤیزیما مشۆوە.
ئێمە رووِ ناسیۆنالیستیە مەدەنیوە وەش مدیەیمی پەی شارستانیەت و کەلتوور و رەگەزە کەیما ئی مافیچە نەتەنیا پەی وێما بەڵکوو پەی هەر نەفەرێوە جەهەر رەگەزێوە جە دونیانە رەوا مزانمی هەنێچ ئینەی بە تاوان مزانا ئانە ئێتر کەیفوو وێشانە.

وەئینەیچ ئیسە ملمی سەرش تەنیا مشتێو جەخەرواریو تکێو جەگۆماڵێن کەجە سەرچاوە عێلمانیەکا هۆرچنیان کە ئێمە کێنمی وەچاپۆنەوە گێڵمێوە پەی تاریخی چوون ئەگەر گەرەکما بۆ جممێرە روو بە سەرکەوتەی مشیۆتاریخی ما زیننە کەرمێوەو وزمێش وەروو دەسوو خەڵکوو وێماو خەڵکوو دونیای تاروەگنۆ کەئەچاسەردەمەنە بەشەرمەرەبەرزەکێش کەردەبیە بێنی بە دیوەخانوو وێش ئاچاسەردەمەنەکە بەشەر گۆشت و گیاوی کاڵ وەری ئێمە ئەمایمێ ئاورما خەڵق کەرد.
کەتا ئێستەیچ دونیابە تەماموو وەرکەوتەیشەو

ئەونجەش ئێنارە پنە.
جائاور چوون سەرەتایی تەرین بەرهەموو بەشەریا و فرێوەجە ئەوەنجەکاو بەشەریش وسێنی را دەی ئەگەر زەمانێو کریابۆچ بەمەزهەرو پاکی ئێژانشوەنە جاچەودمای بەتەنیا کەل وپەل و وەردەسی کەتەوەنی بِ وشکە کەڵەکەما بەرهەم ئاردەو چواردیواریما خەڵق کەرد چواردیواریێمانیەی پاڵوو یۆترینیو دەگاما رازناوە دەگاما پەرە پەنە داو کەردەما بە شار ئەچا سەردەمەنە نامگۆندوانەیماگێرتەوێو شۆنەوئانەیرە نامێمافارپاکوردین عەرەبەکی جە سەردەموو هێرشیشانە پەی ئی ناوچەیە پنەما وچێنی ئەکراد کەجەمووکوردین تاسەردەموو سولتان سەنجەری سەلجووقینە نامی مەحاڵەکەیمانیاشاکوردستان یانی وەڵاتووکوردا کە ئیتر ئەچا رۆوە روِ وەشیمانەدی و کەوتیمی دلی سەردۆ و سۆڵەو رۆزگاری کوردستان هەریەک کوردستان بِ تاسەردەموو سەفەویەینە کە شۆنەوجەنگوو جداڵێوی فرەی بەینوو دوی دەسەڵاتدارا و سەفەویەی و ئوسمانی کریابە دوی بەشێو هەر بەشێش برِیا بە یویشا ئانی کە ئی وەڵاتە بیەبی بەدرِەیۆ چەماشا پینەیچەوە نەساچەی و جەسەردەموو جەنگی یەکۆمی جەهانینە ئابەشە کەئۆسمانی بەردەبی دوی بەشیتەرش چەنەجیا بیوە کە بەشێش کەوت سەرو خاکوو ئێراقیو بەشێش سەروخاکوو سووریەی و هەرپاسە بەشی کەمش کەوت سەرو خاکوو رووسیەی بەڵِ ئی گێردە غەدرەنە کەپەنەما کریان بیەن بەهەوۆ ئانەی کە ئیسەیچ هەرکەسی وینمی وەڵ ئانەی بزانمی کێن پێسەماچۆ ماران گەستە جە وەرێس بازو چەرم تەرسۆ حەیبەتیێنە وێما مدیمێوە یۆ.
بەڵ ئێمە ئانی بێنمی بەشەرما دل مەرەکانە قەدوو یاڵەکاوە کێشارە پەی ژیوایە کۆمەڵگایی کشت و کاڵ ومەرِومالاَت داری جەئیبتێکاراو ئێمەن ئێمەیەکۆمین بەرهەم هێنەری یاسەینمی و یەکۆمین نەتەوەنمی کەبە یاساجمەینمێوە.
شعوور و مەعرەفەت و ئەدەبیات و تەکەلۆم ئێمە مەرزنارە پەی بەشەری ئینە کە جەبەینوو کوەکاو توورسیو زاگرۆسینە ئاسەواری چن هەزار ساڵی بەشەری کەوتێنی بەرۆ و فرێوە جەشار و دەگاکاو کۆردەواری جەسەرەتایی تەرین شار و دەگاکاو دونیەینی ئی واتە سەلەمیۆ.

ئێمە رۆڵی ئاگووتیانمی کە 4500ساڵی چی وەڵتەر ئێمپراتووریە گەورەکەو ئاکادی کەسارگونی مەرزنابێرە و کۆنتەرین و یەکەمین نزامی ئامپریالیستی روۆ دونیەی بی جەسەردەموو ئاخرین ئێمپراتوور و ئاکادی بە نام نارامسینی ورِناما.

ئێمە جەنەتەوە و ئاهووریانمی کە 4000 ساڵی چی وەڵتەر داواکاری خۆدمۆختاری یا سەربەخۆیی جەئێمپراتووری سوومری بێنی و یەکومین بەرهەم هێنەری نزامی فێدراڵی.
ئێمە پەشتەو ئامیتانیانمی کە 3500ساڵی چی وەڵتەر ئاسنشا وس وەردەسوو بەشەری و هەرپاسە ئەسپشا رام کەرد.
ئائوراتووری 3000 ساڵی چیوەڵتەر جوۆ ئاوێشا بە درێژائی50 تا 60هەزار گەزا داوەنەو پنگاوەشا بەسە بنەرەتەو ئێمە بێنی.
ئێمە رۆڵی دیاکۆی قارەمانینمی کە 2706 ساڵی چی وەڵتەر دەسەڵاتە گەورەکە مادیش جەنەینەوا تا هەمەدان مەرزنارە کەبی بەسەرچەمەو تاریخوو کوردی و هەرپاسە شۆرە سوارەکی مادی جەسەردەموو چوارەمین پادشاو مادی هووخشترەی نەمرینە ئاشووربانی پاڵشا مارِاو بە ئێمپراتووری ئاشووری کە پێسەو داگیر کەرێو وەڵاتێش گرتەبێرە دماییشا ئارد هەرچن سارگونی دوم وەقتار بەشانازیۆ کەتیبەو هەورامانی) تەنگی بەری (هۆرکەن ئاننە ژێر نەب بزانۆ کە هیچ داگیر کەرێو مەتاوۆ دەسەڵاتوو وێش ئەچی وەڵاتەنە سەقام گیرکەرۆ.
ئەچاسەردەمەنە جەوەڵاتەکا تەرینە ئەگەر فێرعوونێو یا شایێو یا مالکێو مەردایا تەمامووبیەو نەبیەیش چەنی تەرمەکەیش ئەسپەردە کەرێنی جا فێرعوون بیەن 700 رەنجبەرێو کەنیزێو وەردەسێش بیێنی.
ئەچاسەردەمەنە کەجە وەڵاتە کاتەرینە کناچەکاشا زیننە بەگۆرِی کەرێنی و بەشەری پێسەو ئاژەڵی ورەشێنێوە بەیۆترینی و کەمتەرین بەهاپەی کەرامەتوو بەشەری نەنریێرە ئێمە رێفراندوما بە

شێویە تەمام دموکراتیک بیەن کەژەنیو پیاو پیر و جوان مافوو دەنگدەیشابیەن کەگلێری بیێنێوە شۆن بەنامی مەرێو نوێنەر و وێشا هۆرشا چنیەن کە پا نوێنەری ژیرەشا واتەن کەتا ئیسەیچ وشەوژیرەومەر جەتەکەلوموو خەڵکوو هەورامانینە مەنەن و هەرپاسە وشەو مەر قەدوو کەشەکاو هەورامانیۆ پێسە 1- مەڕۆمەر جە دزڵینە 2- چەمەو مەرجەکەماڵەنە 3- دەرۆ مەرجە زاوەرەنە کە سەردەمش لانی کەم گێڵۆوەپەی3000 ساڵی چی وەڵتەری کە جە یاسامەندی ئاوەقتەو ئی وەڵاتووئێمە پیاسەرەش سڕمانۆ کە باسێو فرەش هەن بەڵام مەگونجیۆ ئەچێنە شی کریۆوە.

ئەچا سەردەمەنە کەجە فینقیەنە نزامووچن خودایی حاکم بێو بۆت پەرەستی جەتامی بەرشیە بی تۆتۆمیەکی بە رەویە تۆقناک زاروەکاشا جە وەراوەر و خۆداکەیشاوە کە "بەلعش "پەنەواچێنی سەرە بڕێنێو.
کە رینێشا سەداقەش و بەیەکدانە عەبادەتی گەورەش زانێنی و باوەڕشا ئەچامنەبی کەپی هەرمان جەوێشا بەڵا دوورە کەراوە حەزرەتوو ئیبراهیمی کە لێکۆڵینەوەکی سەلەمناش کورد بیەن ئاما رەفتش پی فەرهەنگە قەڵبەیە نەکەرد و ئیسماعیلی کوڕش سەرەش نەبڕی و پینەیچ نەساچاو بوتەکێش ماڕدێو کە بە یەکۆمین بۆت ماڕوو دونیەیچ نامێش بەرەشیێنە و نزامووتەک خوداییش بەنام ) ئاڵی (مەرزنارە کە )ئاڵ (ریشەو وشەو ئەڵاین.
ئەچاسەردەمەنە کەجەوەڵاتە کاتەرینە ئاژە لێوە یا گیواوێوە یا بەشەرێوە ئیسەیا زیننەکەش یاپەیکەرش کەرێنی بە خودا و وێشاو بە موقەدەسش زانێنی ئێمە هەر سەرەما وەراوەر و میترایو سووریاشیو ئاهوورا مەزدایوە نامنارە کە بە تەکدانە خوداشا زانێنمی و ئینەیچ مایەو شانارین کەجە درێژائی تاریخیمانە بۆت پەرەستی نەبیێنمی.
یەکەمین کەسێو پەی یەکەمین جاری جە دوینانە ئادیچ بەینوو 2500 ساڵی تا 3000 ساڵی چی وەڵتەرینە ئازادی ئیرادە و بەشەریش قبووڵ کەرد وەلەتمیوە قورسش دا سیستمی پیسوو بەردەداری ویاریێوە فرەش بە سیستموو مۆئوداڵی دا و هەر پاسە فرەتەرین بەهاش دا بە کشت و کاڵی پیاگەورەکە و وەڵاتوو ئێمە حەزرەتوو زەردەشتی بیەن جەساڵەی هەژدەی کۆچینە کە عەرەبە بیابان گێڵە کی هێرش شاکەرد سەرمارە هەر ئەچی هەورامانوو وێمانە تا ساڵەی چوار سەد و هەژدەی کۆچی وەراوەر شاوە پاڵەوانانە مردەیمی چێش بی چوون وێما داراو ئایینیو کەڵتووری و شارستانیەتیە زێڕینی بێنمی و نەتاوێنمی بە راحەتی دەسش بدەیمی.

عێننا ئەی چی نەبەردەش بیس ساڵی سەراسەروو عەرەبستانی ئیسلامشاقبووڵ کەرد ئەیچی جوولەکەکی بەیتۆلمۆقەدەسی کرێڵە کەشا بەردپیرایی عەرەباکاوە،بەڵ وەڵاتوو ئێمە دێر و سەخت ئیسلامش قبووڵ کەرد بەڵام وەقتاری قبوڵشاکەرد فرەتەر جەوەڵاتەکەو وێشا سەقام گیر بیو بەهاش پەنەادریا جا ئەجیۆم کۆمەڵگاو ئیسلامی ویرش شیەبۆوە کە ئا سەلاحەدینە فەلەستینش رزگار کەرد جە ئیمە بی جائەر پاسە نەبیایا هەڵۆ جە درێژائی ئی چننە ساڵا یۆشا هەرسێو پەی کەسەریەکاو کوردی مجێرە.
بەڵ بەڕاسی ئێمە ئامیلەتەنمی هەرئان دەسەڵاتیە گەرەکش بیەبۆ زۆر واچۆ وەراوەرشۆ مدرەینمی وەملما پەی کەسی کەج نەکەردەن.
ئێمە هەر ئاحەماسەسازی تاریخینمی نموونەیچما کاوەی ئاسنگەرەن.
ئێمە ئاملەتەنمی نە زۆر ماواتەن نە قبووڵما کەردەن بە تایبەت ئی هەورامانوو وێما دایمە پێسەو پارێزەریە چەنە ئامەی وەڵاتەش وەراوەر و وێرانگەراوە پارێزنان پەی نموونەی پانزەروی جەدەربەن دزڵینە راما وەراوە روو سپاو ئەسکەننەری مەکدوونیوە بەسە تا مەجبوور بی راکێش فاڕۆوە کە تا ئیسەیچ ئارەی بەنام راو ئەسکاننەری بەناو بانگەنە.
بافرەش پەی نەلمی چوون تا گەرەکما بۆ بنویسمی حەرهەن و تەنیا ئینەی بزانمی کەتەماموو ئابەڵگا و ئا ئاسەوارا کە جەوەڵاتەنە هەنێو بە بڕیار و ئا تاریخ زاناو ئاکۆمەڵگاشناسا کە جە وەڵاتەکەمانە لێکۆڵینە وەشاکەردەن ئانەیە سەلەمنو کە ئێمە ساحێبوو داب و نریتی و هەرپاسە ویەردیە

زەرینینمی و ئینەیچ یاگی شانازین بەڵام بە بڕواو من تەنیا شانازی وەس نیەن ئێمە مشۆ جە ویەردەیما دەرس گێرمی نە ویروە کەردەی پاشەنە تووشوو ئەوەمەنەی فکریما بارۆ ویرکەرمێوە ئەگەر زەمانێو چێو بیێنمی مشیۆ چی ئیسەیچ نەبیمی بەش خودایەن . هەیما بۆوە و هەننامەکاما رووبە وەرکۆتەی فارمێوە چوون بەڕاسی ئەگەر چەموو کەتمانی بینمێو بە چەموو ئیرادیوە بدیەیمی پەی وێما ئارۆ ئانی نیەنمی کە مەشیا بیایانمی.

**بەئاواتەو رۆیە یاوەیما بەتەمامووو ئاواتەکاو قازانجەکاما.**

## سمیار

گوران هۆرامی

قوربان شەوتت کەرد، فەرمەندە ئاسا
رەخشانەی خاس ویژ، ئافراند ناسا
وابەستەی گفتم مهرەگان سەیزوور
ئاشان نامەکەت جە نزیک و دوور

ئاشوورەن نامەت، ئەشتادەکەی ویم
بەڵ و دەردەکەت، گشت گیروو جە ویم
راژەت شەکەرەن، سالورەکەی ویم
تاب و پندارت لەرز مارو نە لیم

رووگەی زۆینان، ویناۆی دڵان
دڕەی چەمەکەی گرد خوڵتە کەران
ئاوردت بو بارد بەینەت دارەکەم
پا دیاری وەش نووس، ئاژ بژارەکەم

بڕست هەموارەن، تابورا بەزین
وسیار مەپەرسو دماو تو ئیتر کین
هەموارەن ئوڵت، تیر روز کوساران
دادار وە یاد بو، مەنو هۆرامان

## مەلوانو شاعیرا

هادی بەهمەنی/ئاڵمان

کۆران هاوارەن، کۆران هاوارەن
ئینە یەکارەن، کۆران هاوارەن

کۆرانستاننا کۆن(دینەوەر)ش
نەسەپتا پڕچیان، جە پەشت و وەرش

زووان پیرۆز(یارسان و زەردەشت)
پەنەش نویسیابێ سەر ئەنجام و یەشت

هەزار و دووسەد شاعیر و زانا
پیسە مەحروم و باڵوڵ وخانا

(مەلا وەڵەژخان)، کۆران کم کەردەن
سەیدی هۆرامی هارەش شەق بەردەن

پیر مەوینۆوە ماریفەتەکەش!
شێخ نمەزانۆ جە کۆن کڵکۆکەش!

(مەڵاو رەنجووری) عێل مەشناسۆوە
زەنگەنەو باجەلان وەختەن تاوێۆوە!

(جانەوەری) هەم، نەوەش کۆتەن
(مەعدوم) یاذ و دۆس ویرش شیەنۆ!

سوپاسێوە کەردێ کە هەن هۆرامان
مۆزەخانەکەو کولتور و کۆران

(بەهمەن) پۆکەی یەن خەمتا مۆەرۆ
چاپچ چوار سەدەی تەر زوان بڕکەرۆ

Kurdish Community
Services of
Canada

بوو/ کەسێ پیگیریێ پیدکەت

Dec26/06

بابەت / پشتگیری

د ژیێ کورتێ میری یا هەرێما کوردستانێ دا . پر بابەت و پروژە یێن گرنگ یێن ماین هەتا نوکە دەست لێ نەهاتی یە دان.
یەك ژوان زمانێ هەورامانی یە. هەتا رۆژا مەیا ڤێ گاڤێ . زمانێ هەورامانی ج پێش ڤەچوونەك دیار ب خۆڤە نەدیتیە. ل ڤێرە . ئەم بناڤێ رەڤەندا کورد یا کەنەدی پشتگیری یا خۆ دیار دکەین بوو خەلکێ مە ل ناڤچا هەورامان . وە دخووازین ژ لایێن بەرپرس ل دەزگەهێن میری یا هەرێما کوردستانێ دا گرنگیێ و بایەخێ بزمانێ هەورامانی بدەن وەك هەردوو شێوەیێن دی یێن زمانێ کوردی..... ل دابستانا رارووو پێ بهێن ڤێرکرن و بهێت بکارئینان ل دام و دەزگەهان ل ناڤچا هەورامان . وە هەروەها ل رۆژنامە . گوڤار . رادیو . و تەلڤزیونادا روولا خۆ بگریت. ئەم ڤێ یەکێ پشتگیری دکەین . ژ بەر:
یەك- پتر خەلك تێبگەهن. دوو تا کو ئاخفتن کەرێن ڤی زمانی ل ناڤچێن زەنگەنە . باجلان . کاکەئی . زازائی . لوری . شەبەك . و هەورامان پتر دل تەنابن و رەوشەنبیری یا کوردی فراوانتر ببیت وە ل گوور پێزانینا دوو پیت پتر هەنە ژ کورمانجي یا سەروو و خووارووو. ئەو ژی ئەڤانەنە( ڎ .ڤ) وە دیسان پتر بایەخێ ب نێر و مێ د دەن.
هەروەسان ل وارێ کوردپەروەریێ دا دەستەکێ درێژ هەبوویە و هەیە . هەتا سەرۆکێ نووکە یێ باشوورێ کوردستانێ ریزدار ( مسعود بارزانی ) نموونە پیدا . ل سەرەدانا خۆ دا بو ناڤچا هەورامان . د فەرمووت: هەکە هەوە بڤێت ڤێری کوردایەتیێ ببن . وەرن هەورامان:
ل ڤێرە د ڤێت هەورامان و هەورامانی نەهێن ژ بیرکرن و ماڤێن وان بایەخ پێ بهێت دان وەك خوێندن . کەلتور . و کەلەپور. ئیتر بو پێشڤە ل ژێر سیبەرا ئالا کوردستانی . و هەر سەرکەتی بن.

Kurdish Community
Services of
Canada
Dec 28, 06

Issa Hawramani

P/ Brindar Doskee

V.P/

510 South-dale Rd E, London, Ontario, N6E 1A5, Canada/ Phone# (519) 649-0789
E mail- kurdishcanadian@hotmail.com